به بۆنەی دەستگیر کردنی سەدامی دیکتاتۆرە:

# حکوومەتە تۆتالیتارەکان
# و شێوازی هەڵس و کەوتی جەماوەر لە گەڵیاندا

دوکتۆر روئیا تلووعی



هەر کاتێک سیستەمی حکوومەتی وڵاتێک بەرەو دیکتاتۆری بڕوات و هەوڵی بەربەست کردنی ئازادییەکانی مرۆڤ بدات، لە لایەن خەڵکەوە هەڵس و کەوتی جیاواز سەبارەت بەو حکوومەتە دەبیندرێ و بەرئەنجامی ئەم چەشنە هەڵس و کەوتانە چارەنووسی ئەو حکوومەتە و حاکمەکانی دیاری ئەکات.

١- تاقمێك دەبنە لایەنگری سیستمەکە و بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی یارمەتی ئەدەن ئەم تاقمەیە خۆیان چەن جۆرن:

ئەلف) ئەوانەی باوەڕیان بە سیستمەکەیە. ئەم گرووپە گەورەترین پشتیوانی سیستەمی حاکمن و خۆیان بریتین لە دوو دەستە. یەکەم: ئەوانەی کە باوەڕی راستەقینەیان بەو سیستمە هەیە و بە تەواوی لە ناو ئەو نیزامەدا تواونەتەوە. دووەم:

ئەوانــەی کــە بــاوەڕێکی ئــەوتۆیان نییــە، بــەڵام بــە هــۆی هــەل و مەرجــەوە و بەرژەوەنــدی تاکەکەسی و ریکلامی زۆر، بوونەتە لایەنگری سیستەم.

بــاوەڕدارانی سیســتەم بەڕێوەبــەری زۆربــەی سیاســەتەکانی ئــەم سیســتەمەن و بــە تایبــەت لــە ســەرکوتکاری دوژمنــانی سیســتەم لــەم تاقمــە زۆر کــەڵك وەردەگــیرێ و بــوونی ئــەم گرووپــە بــۆ نیــزام زۆر پێویســتە. ئەمانــە بــە شــێوازی جۆراوجــۆر ســەرکوتی دوژمنــانی سیستەم دەکەن و هەر کاتێك پێویست بوو بە خێرایی دێنە یارمەتی نیزام.

سەرۆکەکانی هێزی چەکدار کــە دەبــێ جێگــای متمانــە و رەزامەنــدی سیســتەم بــن لــەم تاقمە هەڵدەبژێردرێن و ئەمانــەش غــەیری فرمــان بــردن هیچــی تــر نــازانن. بــۆ نموونــە عــەلی حەسەن مەجید و تەها یاسین رەمەزان و یارانی تری سەدام لەم دەستەدا دەگونجێن.

سیســتەمی حــاکم بــەردەوام بــە شــوێن رازی کردنــی ئــەم تاقمەوەیــە بــۆوەی ئەمانــە ســەرەڕای ئــەوەی کــە بــە چــاکی بــۆ سیســتەم پــەروەردە کــراون، ئاگــاداری زۆرێ لــە نهێنیــەکانی نێــو سیســتەمن و چەکیشــیان هەیــە و لــە هــەل و مــەرجی کۆمەڵایــەتی تایبەتــدا ئــەتوانن دژ بــە حکوومــەت بــە کــار بــێن و جێگــای مەترســی بــن (وەك تــاریق عــەزیز کــە راپــۆرتی کــاتی شــەڕی دەگەیانــدە بریتانیــا) جــا بۆیــە سیســتەم دەبــێ بــەردەوام ئەمانــە رازی راگرێت و لە دەست دانیان ئەبێتە هۆی لاواز بوونی بناغەکانی رژیم.

ب) تــاقمێکی تــر هــەن کــە دەیانــەوێ بــە چــوونیان بــۆ نــاو سیســتەم و هاوکــاری لــە گەڵیــدا ئــاڵ و گــۆڕێکی کــەم و کــورت بکــەن و چەشــنە ریفۆرمێــك بــەدی بێــنن. لــەم تاقمــەدا لەوانەیــە کەســایەتی سیاســی و کولتــووری و کۆمەڵایــەتی و زانســتیش لــە بەرچــاو بگرن. ئەمانە لــە ســەرەتاوە ئامانجیــان هێــور کردنــەوە و رفــۆرمی بــار و دۆخــی کۆمەڵایــەتی و رامیاریــە. بـــە هـــۆی زانســـت و ئـــەنگیزە و تێکۆشـــانی زۆرەوە زوو پێشـــدەکەون و مـــەقامی گـــەورەش دەگـــرن بـــەڵام هـــەتا زۆرتـــر پێشـــدەکەون زیـــاتر دەســـتەویەخەی گێژەڵووکەی سیستەم دەبــن و لــە ئاکامــدا رزگــاری خۆیــان دژوار دەبــێ. ئــەم تاقمــە هــەوڵ ئەدەن بــە پیــادا هەڵــدانی سیســتەم لــە نێــوان خــەڵك و نیــزام ئاشــتی ســاز کــەن و سیاســەتە توند و تیژەکانی سیســتەم هــێمن کەونــەوە. مــەخابن خۆیــان دەبنــە مووروویــەك لــە سیســتەم و وێــژەری ئــەو و هــەوڵ ئــەدەن بــۆ پاکانــە کــردن بــۆ ئــەو ستەمەی وا نیــزام لــە خــەڵکی

دەکـات. سیسـتەم تێدەکۆشـی بـە هـۆی زانسـت و روالّـەتی کۆمـەلْ پەسـەندی ئەمانـەوە، رایانگرێـت و هێـدی هێـدی بیانکاتـە فرمانبـەری تـەواو. ئەوسـا بـۆ سـەرکوتی خـەلّك و پێش خستنی ئامانجە نارەواکانی خۆی بە کاریان بێنێت.

ئەمانـە بـە داخـەوە هێـواش هێـواش لـە خـەلّك دوور دەکەونـەوە و زۆرتـر لـە هـەولّی راگرتنی پێگەی خۆیـان دەبـن. ئـەم دوور کەوتنـە لـە خـەلّك و بـە قـەد و بـالاّی سیسـتەمدا هەلّدانـە ئەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە خـەلّك ئـەوان وەك هۆکـاری کێشـەکانیان بناسـن و لـە جیاتی دژایـەتی سیسـتەم، هـروژم بکەنـە سـەر ئەمانـە. سیسـتەمیش خـۆی لـە پشـت سـەری ئەمانە دەشارێتەوە و بـە سـاکاری کارەکـانی خـۆی ئـەکات. لـە ئەنجامـدا رۆژێـك دێـت کـە ئیتر ئەم تاقمەیـە کـەلّکیان نامێنـێ و سیسـتەم بـە زیرەکـی شـانۆیەکی ریکلامـی بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندی خـۆی پێـك دەهێنێـت و ئەوانـە تاوانبـار دەکـات و لایـان دەبـات. کەواتـە ئـەم تاقمـە یەکـەم قوربانیـەکانی کـاتی مەترسـین. نموونـەی ئـەم تاقمەیـە ئـەتوانێ وەك ئـەمیر عەباسی هووەیدا بێ لە رژیمی شادا.

ج) سەر سـپێراوان: ئەمانـە بـریتین لـەو کەسـانەی کـە بـۆ پێشـکەوتنی خێـرای خۆیـان و گەیشـتن بـە بەرژەوەنـدی تاکەکەسـی، رێگـای سـەر سـپاردن هەلّدەبـژێرن و خزمـەت ئەکەن بە سیستەمی حـاکم. ئەمانـە بـە هـۆی بەرژەوەنـدی خـوازی زۆرەوە هیچـیان لـە بـەر چـاو نییـە، مەگـەر خزمـەتی زۆرتـر و زۆرتـر بـە رژێـم. چـۆنیەتی بـیرورِای خـەلّکیان سـەبارەت بـە خۆیـان بـۆ گـرینگ نییـە و خـەلّکیش رقیـان لێیانـە و بێـزارن. سیسـتمە تۆتالیتارەکان چـاکترین کـەلّك لـەم تاقمـە وەردەگـرن چـونکی ئـەزانن ئەمانـە هـەر کارێـك بـە سـەر چـاوان دەکـەن و فـەرمان دەبـەن و پرسـیاریش ناکـەن بـۆ؟ بـەس رەزامەنـدی سیستم بۆیان گرنگە و هیچی تر.

بـە هـۆی نـارِازی بـوونی خـەلّك ئـەم تاقمەیـە پێگەیـەکی کۆمەلاّیـەتییان لـە نێـوان خەلکـدا نییـە. زۆربـەیان لـە چـینی خـوارەوەی کۆمـەلّن و هـیچ چەشـنە درەوشـانەوەیەکی کەسایەتی و کۆمەلاّیەتی و زانستیان نییە و بێ یارمەتی سیستەم ناتوانن سەرکەون.

ئەمانـە خۆشـیان ئـەزانن رەزایـان لای خـەلّك زۆر گرانـە و پێگەشـیان لای سیسـتەم زۆر پتـەو نییـە و کاتییـە و تەمـەنی سەرکەوتنیشـیان کورتـە. بۆیـەش هـەولْ ئـەدەن هـەتاکو

مـەوداویان مـاوە پـارە و دزی کـردن و دەسـەڵات و پەیوەنـدی زۆرتـر پێـك بێـنن تـا بـە هۆی ئەوانەوە بتوانن بۆ ماوەیەکی زۆرتـر بـەردەوام بـن. ئەوانـە بـە هـۆی تـرس لـە نـەفرەتی خـەڵك و لـە ئـاڵ و گـۆڕێ هـەل و مـەرج دایـم لـە نیگـەرانی دان. هـەموو کـەس و بـە تایبەت دۆستانی نزیکـی خۆیـان بـە رەقیبێـك دەزانـن و هـەوڵ ئـەدەن لـە سـەر رێگـا لایـان دەن. (بۆ نموونە زۆر لەوانەی یارمەتی بەعسیان ئەدا بۆ ئەنفال و...)

## چۆنیەتی هەڵس و کەوتی سیستەمی تۆتالیتار لەگەڵ ئەمانە

سیسـتەمی حـاکم تێدەکۆشـی بـە کـەڵك وەرگـرتن لـە «رانـت» دەسـتەی باوەڕمەنـدان رازی کـات. کێشـە ئـەو کاتەیـە کـە باوەڕمەنـدان پرسـیاریان لا دروسـت بێـت و سیسـتەم وڵامـی بۆیـان نـەبێت. یـان کاتێـك ئـەو رانتانـەی پێیـان دراوە بـە کـەم بـزانن و خۆیـان لـە ئەوپـەڕی یاسـاکانەوە ببیـنن و بکەونـە پـەراوێزی ئەمینەتـەوە و دەسـت بکـەن بـە کێشەسـاز کردن بۆ کۆمەڵگا. لـە لایەکـەوە سیسـتەم پێویسـتی بەوانـە هەیـە و ناتوانـێ کۆسـپێك بخاتـە سەر رێگایـان و لەولاشـەوە ئـازاد دانـانی ئەوانـە ئەبێتـە هـۆی کێشـەی دژوار بـۆ کۆمـەڵگا و دەتوانێ هۆکـارێ قـەیرانێك بێـت. سیسـتەم ناچـارە بـە جۆرێـك ئەمانـە کـونترۆڵ کـات و لە کاتی پێویسـت کـەڵکیان لـێ وەر گرێـت و کاتێـك دەبنـە مایـەی مەترسـی بڕێکیـان لـە سەر رێگا لادا و ژیانیان بسڕێتەوە.

سـەبارەت بـە خزمەتکـەرانی سیسـتەم وەك ئەوانـەی کـە دێنـە نـاو مەیـدان بـۆ ئـاڵ و گـۆڕی هـێمن، سـەرەتا سیسـتەم پشـتیوانییان دەکـات و تێدەکۆشـێ بـە هـۆی روالـەتی کۆمەڵ پەسەندی ئەوانەوە رای گشتی بەرەو خۆی و بۆ بەرژەوەندی خۆی راکێشێ.

هاوکـات لەگـەڵ ئـەوەی کـە بڕێـك لـە تونـد و تیـژی نێـوان سیسـتەم و خـەڵك هـێمن دەبێتەوە، سیستەم هـەوڵ ئـەدات بـە سـەر خسـتنی ئـەم تاقمـە، ئـەوان زۆرتـر دەسـتەویەخەی کێشە ئاڵۆزەکان بکات بـە چەشـنێك کـە دەرچـوون لـەو ئاڵۆزیـە دژوار بێـت. بۆیـەش ئـەم تاقمـە ناچـار دەبـن خۆیـان ببنـە پشـتیوانی نیـزام و یارمەتیـدەری بـن. لـە کـاتی مەترسـیدا ئەمانـە قـەڵغانی و قوربـانی سیاسـەتەکان دەبـن و وەك هۆکـار و سەرچـاوەی کێشـەکان بـە خەڵك دەیانناسێنن.

سەبارەت بە سەر سپێراوان، ئەمانە تەمەنێکی کورتیان هەیە و زوو ئەم ماوەیان تێپەڕ دەبێت. هەر کاتێك بە کاری سیستەم نەیەن یان ببنە جێگای مەترسی زوو لابردەن یان دەکوژرێن یان پەروەندەی ئەخلاقی و مالّی و سیاسییان بۆ ساز دەکەن. ئەوسا بە زووترین کات کەسێکی تر ئەخەنە جێگایان. دۆزینەوەی ئەو کەسە نوێیانەش دژوار نییە بە هۆی ئەوەی کە لەم تاقمەدا ڕەزامەند و ئامادەی فەرمانبەری زۆرە و پێیان خۆشە جێگایەك بدۆزنەوە. جان ئتشاین بەك دەڵێ: بە بێ بوونی خایینەکان قەد ناتوانی ولاتێك داگیر کەی، یان بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن دەسەلاّتداری بکەیت بە سەریدا.

٢- گۆشەگیران: ئەم تاقمەیە بریتین لەو کەسانەی وا ناتوانن هەل و مەرجی کۆمەلّگا پەسەند کەن بەلاّم بە هۆی ترساندن، زمان بڕاون. لە بارودۆخی ئەمنیەتی زالّ بە سەر کۆمەلّگادا مەودای تێکۆشانی بەرچاویان نییە و بەردەوام زەختیان لە سەرە و ناشتوانن دژایەتییەکی راستەوخۆ بکەن. بڕێکیشیان هەن کە جەسارەتی دەستەویەخە بوونیان نییە و بڕێکی تریش لە ژێر چاودێری و زەختێکی زۆردان.

ئەلف)ڕۆشنبیران و کەسایەتییە سیاسیەکان:

ئەم تاقمە بیر و باوەڕی بەرزیان هەیە و ڕێزیان لای خەلّك زۆرە. توانای راڤەی کێشەکانیان هەیە و دەتوانن لە سەر بیروباوەڕی گشتی ئەسەر بکەن. توانای بەڕێوەبەرێتی و ڕێکخستنیش لە بڕێکیان بەرچاو دەکەوێ. بڕێکیان لە رابردوودا شانازی خەبات و شۆڕشیان بووە، بەلاّم ئێستا بە هۆی هەل و مەرجێك کە تێیدا دەژین زەختی ئەمنیەتی زۆریان لە سەرە، مەودای تێکۆشانیان نییە. بە هەموو جۆرێك کونترۆڵ دەکرێن و ژیانیان ئالّۆز دەکرێ. جارجار بڕێکیان ناچارن بەرەو خۆپارێزی بچن، ساردەوە بوو و گۆشەگیر بن. ئەمانە تا بتوانن لەو ولاّتدا دەمێنن و ماتلّی ئالّ و گۆڕی بارودۆخەکە دەبن. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین جاری وایە سیستەم وا دەکات کە گومانیان لێ بکرێت و بەم شێوە مەترسیان کەمتر بێ.

ب) ڕۆشنبیر شێوەکان:

ئەمانــە کەســایەتی بەرچــاویان نییــە و نــاتوانن زۆر ئەســەر لــە خــەڵکی دەور و بــەریان بکــەن حــەزیان لــە پێشــکەوتنە بــەڵام نــەك بــە بــەهای نۆکــەری بــەهۆی ئــەوەی توانــای ئەســەری زۆریشــیان لــە ســەر کۆمــەڵگا نییــە وردەوردە گۆشــەگیر دەبــن. تووشــی رەشــبینی ســەبارەت بــە کۆمــەڵ دەبــن و لــە خــەڵك دوور دەکەونــەوە. ئەمانــە لــە کاتێکــدا هــەل و مەرجەکە برێك هێمنتر دەبی یان نایەنە ناو مەیدان یان زۆر درەنگ دێن.

شــێوەی هــەڵس و کــەوتی سیســتەم لەگــەڵ ئــەم تاقمــەدا چــۆنە؟ سیســتەم کــارێکی بــە رۆشــنبیر شــێوەکان نییــە بــۆ وەی مەترســی لێیــان نییــە. جارجــار ئەوانــەی کــە زۆر حــەزیان لــە پێشــکەوتنە بــەرەوخۆی رادەکێشــێت دەیانکاتــە خزمــەتکاری خــۆی و ئــەوانیش زۆر بــە چاکی ئیشی بۆ دەکەن.

ســەبارەت بــە رۆشــنبیران دەبــی بڵــێین سیســتەمی تۆتالیتــار زۆر لــەم تاقمــە دەترســێ، بــۆ وەی بە هــۆی توانــای زۆری فکــری و توانــای قســە کــردن و توانــای نووســین و کەســایەتی بەرچــاو لــە نێــو کۆمەڵــدا و هــەر وەهــا توانــای رێبەرایــەتی لــە بزووتنــەوە جیاوازەکــانی زانســـتی کۆمەڵایـــەتی رامیـــاری و کولتووریـــدا وەك مەترســـییەکی گـــەورە ســـەیران دەکرێت. سیســتەم ســەرەتا هــەوڵ ئــەدا ئەمانــە راکێشــێت بــە لای خۆیــدا، بــەڵام ئــەوان زۆر جــار هاوکــاری ناکــەن ئەوســا زەختیــان لــێ دەکــات، و بــەردەوام هــەوڵ ئــەدا هــەل و مەرجەکــەیان بــۆ ناخۆشــتر و ئــاڵۆزتر بکــات و هاوکــات تێدەکۆشــێ کەسایەتی ئــەوان لــە نێوان خەڵکدا نزم و ترۆری کەسایەتیان بکات.

ئەم تاقمە بەرێزە زۆر جار بە هێنمایەتی خۆیان زەبری پتەوتر لە سیستەم ئەدەن.

بــەو شــێوەی کــە بــە بێــدەنگی خۆیــان نــەك قــەبووڵی سیســتەم دەکــەن و نــەك بیــانووی ئەوتۆشــی ئەدەنــە دەســت کــە ســەرکوتیان کــات. جارجــار کــە سیســتەمی تۆتالیتــار زۆری بــۆ دیــت بــە داخــەوە هرووژمیــان ســەر دەکــات و یــان ســجنیان دەکــات یــان لــە وڵات دووریان دەکاتــەوە یــاکو دەیــانکوژێ. تــرۆریش لــەو ئــامرزا نەیــە کــە بــە کــاری دەهێنێــت نموونەی ئەم شێوە هەڵس و کەوتە لە کاتی حکوومەتی بەعس زۆر بووە.

**٣- تاقمێـك كـه بـار و دۆخـی كۆمـەڵگايان پـێ قبـوول ناكرێـت و برێكيـان دژ بـه كـردەوەی سيسـتەمی تۆتاليتـارن، ئەمانـه لـه هێمنييـەوە بـەرەو تونـد و تيـژی دەڕۆن و سـێ دەستەن.**

**ئـەلف) رەخنەگـەران، ئەوانـەی كـه سيسـتەمەكەيان قەبوولـە و لايـان پەسـەندە و لەوانەيـە لـە دەورانێكيشـدا بەشـێك لـەو سيسـتەمە بـووبێتن. بـەڵام ئێسـتا شـێوازی حكوومـەتيان بـە دڵ نييـە و هـەوڵ ئـەدەن بـە رخنـە و هۆشـيار كردنـەوە سيسـتەم بـەرەو رێزدانـان بـۆ ياسـا و ئيشـی ياسايی هـان بـدەن. ئەمانـە ئـاڵ و گـۆڕی بناغـەيی يـان ناوێـت هـەوڵ ئـەدەن بـە رەخنـەی هـێمن بـێ ئـەوەی سيسـتەم و دەسـەڵاتدارانی سـەرەكی راسـتەوخۆ نـاو بـەرن، پەنـد ئـەدەن تـا ئـەوەی رەخنەيـەكی راسـتەقينە بگـرن. قسـەكانيان دوو لايەنە و خۆپارێزانەيە.**

**لـە لايەكـەوە لـە نيـزام پشـتيوانی دەكـەن و لـەو لاشـەوە رەخنەيـەكی هـێمن دەكـەن. هەر كات سيسـتەم بكەوێتـە مەترسـی، پشـتيوانی لـە سيسـتەم دەكـەن و يارمـەتی ئـەدەن بـۆ مانـەوەی، برێـك لەوانەيـە رەخنـەكانيان نـەختێك تيـژتر بێـت و حـەز بـە ئـاڵ و گـۆڕێكی كەم بكەن و ريفۆرم خواز بن.**

**ئەم تاقمەيە سـەبارەت بـە سياسـەتەكانی رابـردوو چاوپۆشـيان هەيـە لـە هـەموو هەڵـەكان و دەيانـەوێ بـە خـەڵك بڵـێن ئـەوەی بـووە بـە هـۆی هەڵـە و نـەزانين و كـەم تەجروبـەيی بـووەوە جارجـاريش هـەل و مـەرجی پێويسـتی زەمـەنی خـۆی بـووە. بۆيـە باشـترە هـەمووی لە بير خۆمان بەرينەوە و رابردوو زيندوو نەكەينەوە!!**

**ب) نـەياران: ئـەو كەسـانەی كـە وا سيسـتەميان لا پەسـەندە، بـەڵام خوازيـاری ئـاڵ و گـۆڕی زۆرتـر لـە بنـەماكانی سيسـتەم و ياسـاكانن. ئەمانـە سيسـتەميان بـە مـەرجی ئـاڵ و گـۆڕی ريشـەييتر و راسـتەقينە قەبوولـە و خوازيـاری گۆڕانكـاری لـە كاربەدەسـتاندان و مـەرجی مانـەوەی نيـزام لـە ريفـۆرمی راسـتەقينەدا دەبيـنن و قـەرەبووی رابـردوو. ئەمانـە روانگەيـەكی تيـژتريان سـەبارەت بـە سياسـەتەكانی سيسـتەم هەيـە و ئـەم سياسـەتانەيان لا پەسـەند نييـە و خوازيـاری گۆڕانكـاری ديمـوكراتيكن. بـەس لـە تونـد و تيـژی بێـزارن و سەرنجی دووبارە لە سەر ياساكان و گۆڕانيان بە رێگای رزگاری دەزانن.**

ج) دوژمنـــان: ئـــەو تاقمەیـــەن کـــە سیســـتەمیان هـــەر لـــە بناغـــەوە پـــێ قـــەبووڵ ناکرێـــت و گۆڕانکاریش بە ڕێگای ڕزگاری نازانن تەنیا ڕێگای ڕزگاری لە رووخاندا دەبینن.

لـــە هەڵبـــژاردنا ڕەوشـــتی دیپلۆماتیـــك و دیموکراتیکیـــان لا پەســـەندە وەك هەڵبـــژاردنی ئـــازاد و ریفرانـــدۆم و کـــەڵك وەرگـــرتن لـــە زەخـــتی نێـــو نەتـــەوەیی و نافرمـــانی مـــەدەنی و خۆپیشـــاندان. یـــان لەوانەیـــە بـــەرەو روو بوونـــەوەی چـــەکداری هەڵبـــژێرن نموونـــەی هەمووی ئەم ڕەوشتانە لە ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بەرچاو دەکەوێ.

شـــێوازی هـــەڵس و کـــەوتی سیســـتەم لەگـــەڵ ڕەخنـــەگران و نـــەیاران و دوژمنـــان گـــرێ دراوە بە وەی کە سیستەم لە چ بار و دۆخێکدا بێت.

کاتێـــك سیســـتەم خەریکـــە پێـــك دێـــت و فـــۆرم دەگرێـــت و دەیـــەوێ بـــوونی خـــۆی ســـەقامگیر بکـــات، هیچـــکام لەمانـــە تەنانـــەت ڕەخنـــەگرانیش مـــەودای قســـەیان نییـــە و نەیاران و دوژمنان بە سەختی سەرکوت دەکرێن.

بـــەڵام لـــە تەمـــەنی سیســـتەمە تۆتالیتارەکـــان کاتێـــك دێـــت کـــە تووشـــی قـــەیرانی پەســـەندی و ڕەوایی دەبن. لـــەو کاتـــەدا برێـــك مـــانۆر و شـــانۆ بـــۆ ڕاکێشـــانی ســـەرنجی بـــیرورِای گشـــتی پێویستە. لـــەم کاتـــەدا ڕەخنـــەگرانی نـــاوخۆی سیســـتەم مـــەودایان پـــێ دەدرێ. ئەمانـــە ســـەرەتا هـــەوڵ ئـــەدەن پاکانـــە بـــۆ سیســـتەم بکـــەن و هۆکـــاری کێشـــەکان وەك هەڵـــەی تاکەکەســـی نیشـــان بـــدەن و پێشـــنیاری چـــەند گۆڕانکـــاری لـــە مەقامەکانـــدا بکـــەن و ئەوســـا وا نیشـــان بـــدەن کێشـــەیەك نـــەماوە. ئەمانـــە وەك ســـوپاپی متمانـــە وان بـــۆ کۆمـــەڵ لـــە لایەکـــەوە وا نیشـــان ئـــەدەن کـــە لـــە کۆمـــەڵگادا ئـــازادی دەربـــڕینی بـــیرورِا هەیـــە و لـــەو لاشـــەوە خـــەڵك دەســـتەویەخەی کێشـــەی لاوەکـــی دەکـــەن و لـــە ڕاســـتییەکان دووریـــان دەخەنـــەوە و نـــاهێڵن سەرچـــاوەی ســـەرەکی کێشـــەکان دەرکـــەوێت بۆیـــە خـــەڵك بـــە گۆڕانکـــاری لاوەکـــی ڕازی دەکەن.

کاتێـــك سیســـتەم هێـــزی دووبـــارە دەگرێـــت و قەیرانەکـــە تێپـــەڕ دەکـــات دیســـان تونـــد و تیژی و سەر کۆتکاری دەست پێ دەکاتەوە و لەم کاتەدا گۆشەگیران زۆرتر دەبن.

سەبارەت بـــە نـــەیاران هـــەڵس و کەوتـــە کـــە بـــە پێـــی بـــەهێز بـــوون یـــان کـــەم هێـــز بـــوونی سیستەم جیاوازە لە کاتی بـــەهێز بوونـــدا سیســـتەم لەگـــەڵ ئـــەم تاقمـــەدا توندوتیـــژە. لـــە کـــاتی

قەیراندا بە زیرەکی هەوڵ ئەدات جودایی و جیاوازییان تێ بخات و سەرنجی خەڵك لە سەر ئەوان کەم کاتەوە جاری وایە سیستەم بە چەشنێك خۆی پیشان ئەدا کە توانایی ریفۆرمی هەیە و ئەتوانێ لە ناو خۆیدا چاك بکرێ بەم شێوە نەیاران بێ چەك دەکات و دەیانکاتە دوو دەستە بڕێکیان دەبنە ڕیفۆرم خوازی لاوەکی و بڕێکی تریش دەبنە دوژمنان.

شێوازی هەڵس و کەوتی سیستەم لەگەڵ دوژمن بەردەوام توند و تیژە. زیندان و دوور خستنەوە و لە ناو بردن و شێوازەکانی سەر کوتکردن سەدام بەردەوام لەم ڕەوشتە کەڵکی وەرگرتووە و بە بێ ڕەحمی تەواو خەڵکی بە کۆمەڵ کوشتووە و لە ناو بردووە.

بەر ئەنجامی ئەم هێزانەیە کە لە ئاکامدا چارەنووسی سیستەم دابین دەکات ئەوەی لە عێراق دیمان ئەوە بوو کە لە ئاکامدا هێزەکان بە یارمەتی ئەمریکا توانیان سەدام لابەن و هەڵبەت تا ئیمڕۆکەش چۆنیەتی داهاتووی عێراق بە روونی دیاری نەکراوە.

هەرچی لە داهاتوودا بۆ عێراق پێش بێت بێگومان ناتوانێ شادی و مەزنی رووخان و گیرانی دیکتاتۆری گەورەی سەدەی ٢١ واتە سەدام حسەین کەمڕەنگ کاتەوە.

لە وانەیە ئەگەر نووستوانی گۆڕە بە کۆمەڵەکان ئەمڕۆ زیندوو بوونایە جوانترین هەڵپەڕکێیان لە شادی گیرانی دیکتاتۆر بکردایە. بە راستی چارەنووسی سەدام دەبێ دەرسێکی گەورە بۆ هەموو سیستەمە تۆتالیتارەکان و بۆ هەموو دیکتاتۆرەکانی دنیا بێت. دیکتاتۆرێك کە لە کاتی گیراندا وەك کرمە خۆڵینە لە نێو کولانەیەکدا بوو کە بۆی هەڵکەندرا بوو.